

## مەسعود هۆشمەند رەزەوی:

# ئەرکی سەرکردایەتی سیاسی و حکوومەتی کوردستانە ئەو تاوانانەی دەرهەق بە کورد کراون بکاتە دیکۆمێنت بۆ ئەوەی نەوەی نوێ لێیان بێئاگانەبێت

**رەزەوی یەکێک لە ئەندامانی شاندی رۆژنامەنووسانی ئێران بوو کە سەردانی کوردستانیان کرد، ئەو خۆی گوتەنی شارەزایی ئەوتۆی لە بارەی کوردستانەوە نەبوو، بەڵام کاتێک ئەو واقعەی ئەرۆ دەبینێت ئینجا ئەو باوەڕەی لەلا دروست دەبێت کە بڵێت پێویستە دەوڵەتی ئێران سوود لە کوردەکان وەرگرێت وەک کاراترین نەتەوەی ناوچەکە کە کار بۆ ئازادی و دیموکراسی دەکەن و نموونەیەکی جوانی حوکمڕانییان هەیە.**

**مەسعود رەزەوی ئەندامی ئەنجوومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی ئێران و کەسایەتییەکی دیاری ئەو بوارە لە نێو رۆژنامەنووسانی ئێراندا کە بەوە ناسراوە داکۆکی لە ئازادی کار و سەربەخۆیی رۆژنامەگەری دەکات، لە سەردانێکیدا بۆ هەولێر ئەم دیانەیەمان لەگەڵ سازدا.**

**دیانە: نامق هەورامی**
namqhawramy@hotmail.com

*** وەک ئاگادارن پاش سەرکەوتنی ریفۆمیستەکانی ئێران و هاتنە سەرکاری خاتەمی فەزایەکی ئازاد بۆ کاری رۆژنامەوانی دروست بوو، ئێستاش پاش قۆناغی سەرکەوتنی باڵی توندڕەوی موحافیزکارەکان و هاتنە سەر کاری ئەحمەدی نەژاد ئەو قۆناغە بە کوێ دەگات لە نێوان بەردەوامی و داخراندا؟**

– سەرەتا دەمەوێت سوپاسی دۆستانی کوردم بکەم کە ئەو چەند رۆژەی لە کوردستان بووین لەگەڵماندا ماندووبوون.

سەندیکاکەمان سەندیکایەکی پیشەیی رۆژنامەنووسانە و ئەندامی فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی جیهانە و ئەندامی (njo) کانی نێونەتەوەیی سەر بە یۆنسکۆیە و بەڕەسمی لەلایەن ناوەندەکانی نێونەتەوەییەوە وەک تاکە سەندیکای پیشەیی رۆژنامەنووسانی ئێران ناسراوە.

ئەم سەندیکایە سەر بە هیچ باڵ و هێزێکی ئێران و تەنانەت دەوڵەتیش نییە بۆیە هاتنی باڵێک و سەرنەکەوتنی باڵێکی تر کار لە سەندیکاکەمان ناکات، بەڵام ئەگەر دەوڵەت بە جۆرێک بێت بڕوای بە ئازادی نەبێت بێگومان ئەوە گرفت بۆ ئێمە دروست دەکات، چونکە ئەگەر زەمینەی ئازادی بەرتەسک بوو ئەوا کاری رۆژنامەوانیش تووشی ئاستەنگ دەبێت بە پێچەوانەوە ئەگەر سیستمی سیاسی وڵات لە رەخنە نەترسێت و بڕوای بە ئازادی تاکەکان هەبێت لە رادەربڕیندا ئەوا خودی کۆمەڵگە ئاسوودە و کاری ئێمەش ئاسانتر دەبێت. هاتنی ئەحمەدی نەژاد و رۆشتنی خاتەمی ئەگەر لە فۆرمدا کاریگەری لە کاری رۆژنامەگەری بکات بێگومان لە ناوەڕۆکدا رۆژنامەنووسان هەر ئەو چینە بە ئاگایەی کۆمەڵن کە هەمیشە وەک رەقیب و چاودێر بەسەر دەوڵەتەوە کاردەکەن.

تا ئێستا ئێمە کارەکانی ئەحمەدی نەژادمان نەدیون و ئەوەشی لە میانی هەڵبژاردندا بانگەشەی بۆ کرا زۆرتر کارتی سیاسی بوون نەک کاروباری فەرهەنگی چونکە ئەمڕۆ کارەکان و گەمەکان بە سیاسەت دەکرێن رەنگە لە وڵاتی ئێمەدا رۆژنامە نەبێتە کارتێکی گوشار لەو نێوەندەدا.

هەرچەندە ئەحمەدی نەژاد وەک دروشم شتی باشی گوتووە، بەڵام لە بواری کارکردندا ئایا وا دەبێت؟ ئەمە پرسیارێکە وەڵامەکەی دەکرێت لەو ئاماژانەوە وەربگیرێت کە زۆرێک لە رژێمەکانی ئەم وڵاتانەی ئێمە لەگەڵ رۆژنامەدا نییەتییان باش نییە بۆیە لێرەوە دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە هاتنی ئەحمەدی نەژاد فەزای چاپەمەنی لە ئێراندا لاواز و بەرتەسک دەکات، بەڵکو ئەم بۆچوونانەش وادەرنەچن، بەڵام کردارەکانی رابردووی ئەوان و نەبوونی نیازپاکی بەرامبەر رۆژنامەگەری و رکەبەرایەتی ئازادی سیاسی و ئازادی تاکەکەسی تووشی نیگەرانیمان دەکات.

راستە لە سەردەمی خاتەمیدا فەزای سیاسی و ئازادییەکان بەرفراوانتر و بەمەوداتر بوون، بەڵام لە باری کاری چاپەمەنی و رۆژنامەگەرییەوە گوشارێکی گەورە لەسەر خاتەمیش هەبوو لە کاتێکدا خاتەمی سیمبولی دیموکراسی و دەوڵەتی خەڵک بوو، بەڵام داروودەستەی پارێزگاری دەوڵەت زۆر کاریان رادەگرت کە خاتەمی پێشنیاری دەکرد یان لە پرۆژەی کاری ئەودا هەبوون.

قۆناغی پێش دەورانی خاتەمی ئازادی بەرتەسک بوو بەو پێیەی ئازادی زەمینەی رەخساندنی کاری رۆژنامەگەری ئازادە، ئەوە نەدەبینرا، بەڵام لەگەڵ هاتنی ئەودا قۆناغی

زێڕینی چاپەمەنی ئێران هاتە کایەوە چ لە ڕووی چەندییەتی و چ لە ڕووی چۆنایەتییەوە و ئەمەش بەجۆرێک ڕەگی داکوتاوە کە من لەو باوەڕەدام هەرگیز هیچ هێزێک ناتوانێت بەر بەو کارە بگرێت و هەرگیز ئێران ناگەڕێتەوە پێش دەورانی (دووی خورداد)

*** ئێوە یەکەمجارە دێنە کوردستان، بەر لەم سەفەرە تێڕوانینتان چۆن بوو؟ بەراوردی دیتن و تێڕوانینەکان چۆن دەکەن؟**

– من ئاگایی و زانیاریم لە بارەی کوردستانەوە کەم بوو تا پاش ڕووخانی ڕژێمی سەدام و ئەوەی من بینیم ئەوەیە کە کوردستان وڵاتێکی پێشکەوتووە و گەلەکەی خاوەن تێگەیشتنێکی باشن لە بارەی فەرهەنگ و ئاگایی سیاسییەوە و نەتەوەیەکن کە لە ناوچەکەدا دەتوانن پێشڕەوی نەتەوەکەی خۆیان و گەلانی تریش بکەن.

کوردەکان لەوەتەی عێراق بووەتە دەوڵەت دەچەوسێنرێنەوە و بواری هۆشکردنەوەیان نەدراوەتێ لەگەڵ ئەوەشدا گەلێکی خەباتگێڕ و ئێستەش بە ئومێدن و بەیەکپارچەیی و یەک دەنگییەوە ڕووبەڕووی نەیارانیان دەبنەوە و ڕۆژبەڕۆژ گەشەسەندن و ئاوەدانی لەم ناوچەیەدا دەبینم.

ئەمڕۆ ئەوەی لەبەرچاوە ئەوەیە کە کوردەکان خاوەن بڕیار و دەسەڵاتن لە ناوچەکەدا.

لە ڕووی فەرهەنگیشەوە دەبینین کە ڕۆژنامە و گۆڤار و چاپەمەنی و پەخش لێرە زۆرە و لەزۆر ڕووەوە کاری پیشەوەری تایبەت بە ڕۆژنامەگەری دەبینم، بەڵام پێویستە ئەوانەی لە ڕاگەیاندنەکاندا کاردەکەن خولی زیاتر و زەمینەی سەردانی دەرەوەیان زیاتر بۆ بڕەخسێنرێت بۆ ئەوەی کارەکانیان جوانتر و ڕازاوەترین و شارەزاییان زیاتر بێت.

*** یەکێک لەو شتانەی ڕۆژنامەنووس لە گەشتێکدا تۆماری دەکات دەبێتە بیرەوەری و سەفەرنامەیەکی خودی نووسەرەکە، ئەگەر بەڕێزتان گەڕانەوە چۆن لە بارەی کورد و سەفەرەکەتانەوە دەنووسن؟**

– دەنووسم کوردستان وڵاتێکە جوانی و خۆشەویستی تێدایە، زۆرینەی خەڵکەکەی فارسییان دەزانی بە بەرپرسەکانیشەوە هەستم نەکرد من غەریب یان میوانم لە وڵاتێکی تردا چونکە هەستەکانمان نزیک بوون، خەڵکەکە وەک من بە فارسی دەدوان لەگەڵماندا.

لێرە حکوومەت حکوومەتی خەڵکە و سیاسەتمەدارانی کورد دۆستی وێژە و فەرهەنگن.

کوردستان بنەمای ئابووری بەهێزی نییە گەرچی بنەمای ئابووری سروشتی بەهێزی هەیە، خەڵکەکەی لەسەر داهاتی نەوت دەژین ئەمەش باش نییە، چونکە بنەمای ئابووری وڵات دەبێت لەسەر ژێرخانێکی پتەو دروست بکرێت و بکرێتە وڵاتێکی بەرهەمهێنەر و هاوردە و ناردنی هەبێت، دەبێت نەوت وەک سەرمایە بەکاربهێنن نەک دەرامەتی ڕۆژانە و ژیان و دەبێت بەرپرسانی وڵات لە کوردستاندا بەو ئاراستەیە کۆمەڵگە بگۆڕن کە بەرهەمهێنەربن نەک تەنیا خەرجکەر.

لەوەی دەینووسم باسی ئەو تاوانانە دەکەم کە دەرهەق کورد ئەنجامدراون و پێگیری لەسەر پەیوەندی ڕۆشنبیری هەردوولا دەکەم، چونکە ئەم دوو گەلە نزیکترین گەلانی ناوچەکەن لە یەکترەوە.

پەیوەندی زانکۆیی و پەیوەندی کتێبمان کەمە دەبێت ئەمە گەشەی پێبدرێت.

*** بارودۆخی سیاسی عێراق چۆن دەبینن؟**

– بەشبەحاڵی خۆم نیگەرانم لەوەی کە ئەو بارودۆخەی ئەمڕۆ لە عێراقدا بەرهەم هاتووە کەچی سەقامگیر نییە، باری ئەمنی خەریکە لە عێراقدا لە دەست دەچێت و پەیوەندی نێوان گەل و دەوڵەت نابینم و خەڵک هەست ناکات هاووڵاتی ئەم وڵاتە بێت، بە پێچەوانەوە لە کوردستاندا خەڵک حکوومەت بەهی خۆی دەزانێ.

لەلایەکی دیکەوە ئەگەر تەماشا بکەین نەوەی نوێی ئەمڕۆ لە ناوچەکەدا و لە کوردستانیشدا زۆر بە ئاگا و وشیار نین لە بارەی ڕووبەڕووبوونەوەکانی پێشینەکانیان لە ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمنانیدا، پێشینەی فەرهەنگی نەتەوەکەیان نازانن و ئەمەش ترسناکە ئەو نەوە تازەیە بە نەسلی سێیەم ناودەبرێت ئاگاداری زۆر شت نین، نازانن جەنگ چییە؟ نازانن کۆڕە و چییە، ئەنفال و کیمیاباران نازانن چۆن و چی بووە ئەمە پێویستە کورد و دەوڵەتی کورد کارێک بکات بیری ئەو نەوەیە نەچێتەوە چی بەسەر هاتووە، ئەمڕۆ ئەو واقعەی لە عێراقدایە بەتایبەت هاوبەندی و هاوپەیمانی نێوان کورد و شیعە کە دوو زەرەرمەندترین نەتەوەکانی عێراقن و ئەوەی ئەمڕۆ بەدەست هاتووە دەبێت دوور لە بەرژەوەندی تەسک بیپارێزن و گەشەی پێبدەن بۆ ئەوەی عێراق بگەیەننە لێواری ئارامی.

**پێویستە لە عێراقدا نەوت وەک سەرمایە بەکار بهێنرێت نەک وەک دەرامەتی ڕۆژانەی خەڵکی**